
نێچیرڤان بارزانی پشتیوانی خۆی بۆ مەرسوومە نوێیەکەی سەرکایەتی سووریا سەبارەت بە دانپێدانان بە مافەکانی کورد دەربڕی



سەرکەی هەرێمی کوردستان، نێچیرڤان بارزانی، پشتیوانی خۆی بۆ مەرسوومە نوێیەکەی سەرکایەتی سووریا سەبارەت بە دانپێدانان بە مافەکانی کورد دەربڕی و ڕایگەیاند، ئەم هەنگاوە بنەمایەکی سەرەکییە بۆ بنیاتنانی سووریایەکی نوێ و جێگیر کە مافی هەموو پێکهاتەکانی تێدا پارێزراو بێت.

نێچیرڤان بارزانی دەستخۆشی لە مەرسوومەکەی ئەحمەد شەرع، سەرۆک کۆماری سووریا دەکات کە ڕۆژی ڕابردوو دەرچووە و تێیدا کورد وەک پێکهاتەیەکی ڕەسەنی وڵاتەکە ناسێندراوە.

سەرکەی هەرێمی کوردستان ئەم بڕیارە بە هەنگاوێکی سیاسی و یاسایی دروست و گرنگ وەسف دەکات کە دەبێتە هۆی زامنکردنی مافەکانی هەمووان و پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی کورد لە سووریادا.

لە پەیامەکەیدا، نێچیرڤان بارزانی ئاماژە بووە دەدات، ڕێزگرتن لە فرەیی و یەکسانی نێک هەر ناوێتە هۆی دابەشبوون، بەڵکوو وەک سەرچاوەی هێز و کەڵکەڵەی سەقامگیری و ئاشتی و بەهێزکردنی پێکەوەژیانی نیشتمانی لە قۆناغەکانی دەدرێت، هەروەها جەخت دەکاتەوە لەوەی، بایەخی ڕاستەقینەی ئەم بڕیارانە کاتێک دەردەکەوێت کە ببنە یاسای کارپێکراو و لە دەستووری داهاتووی سووریادا جێگیر بکرێن بە ئەوەی

پارێزبەندییەکی هەمیشەییان هەبێت.

هەرەمی کوردستان پشتیوانی هەر هەوڵێک دەکات کە ئامانجی دروستکردنی دەوڵەتەکی گشتگیر بێت لە سووریا، بە شێوەیەک کە دوور بێت لە پڕاوێزخستن و جیاکاری، هەروەها مافە سیاسی و کولتووریەکانی هەموان تێیدا پارێزراو بێت، ئەمەش بە فاکتەرێکی سەرەکی بۆ بەهێزکردنی ئاسایشی ناوچەکە دەزانێت.

سەرکی هەرەمی کوردستان داوا لە سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکات بۆ دوور لە توندوتیژی و بۆ هەماهەنگی، میکانیزمی ووون بۆ جێبەجێکردنی ئەم مەرسوومە دابنێن و بیخەنە بواری کردەییەوە.

هەروەها ئامادەیی تەواوی هەرەمی کوردستانی بۆ هەر جۆرە هاوکارییەک نیشان داوە کە خزمەت بە ئاشتی و سەقامگیری ناوچەکە بکات.